سەلاحەدین ـ هەولێر
Salahaddin University

# کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان

## بابەت: وەرزشی مەلەوانی

## قۆناغ :یەکەم

م.د شەنگەسلیمان عمر

2023-2024

**وەرزشەكانی ئاوی** (water sport):

**أ- پێناسەی وەرزشەكانی ئاوی :** (Water Sport)

**ئەو چالاكیە جۆراوجۆرانەیە بە جۆرێك ریكخراوە بۆ ئەوەی تاك بەتەنها بەلاشەی خۆی یا بەبەكارهێنانی كەرەستەیەكی گونجاو لەناو ئاودا بە ئامانجی پەروەردە و پەرەپێدانی توانا جەستەیی وزیهنی و كۆمەلایەتیەكانی ئەنجامی بدات ، وەرزشی ئاوی بەچەند تاییەتمەندیەك لە وەرزشەكانی تر جیا دەكرێتەوە بەوەی چەندین ریگای هەیە بۆ هەلسەنگاندنی یاریزان و بەكارهێنانی قولایی ئاو ، وە چەندین ریگا هەیە بۆ هەلسەنگاندنی یاریزان و بەكارهێنانی قولایی ئاو ، وە چەندین هۆكار بەكاردێت بۆ ریكخستنی چالاكیەكان و بوارەكانی جیٚ بەجێكردنی چالاكیەكان وەك :**

**١-لەرووی هەلسەنگاندن : أ- بەخالٚ : وەك ( خۆ نقوم كردن ، سەمای ئاوی )**

**ب- بە كات : وەك ( مەلەوانی و سەولٚ لێدان ، بەلەمی چارۆكەدار )**

**ج- بە گۆل : وەك ( تۆپی ئاوی )**

-بەگوێرەی لاشەی وەرزشوان : أ- لەناو ئاو : وەك ( مەلەوانی ، سەمای ئاوی ، مەلەوانی ژێر ئاو )

ب-لەدەرەوەی ئاو : وەك( بەلەمی چارۆکەدار، سەوڵ لێدان، خزین لەسەرئاو ، راوە ماسی )

ج- لەدەرەوەو ناو ئاو بە بەکارهێنانی کەرەستە : وەك ( خزین لەسەر ئاو ، تۆپی ئاوی )

٣-هۆکارەکانی ریکخستن : أ- چالاکی تاکەکەسی : وەك ( مەلەوانی ، خۆنقوم کردن )

ب – چالاکی بەکۆمەڵ : وەك ( سەمای ئاوی ، سەوڵ لێدان ، بەلەمی چارۆکەدار ) .

ج – چالاکی لەسەر شێوەی یاری : وەك ( تۆپی ناو ئاو )

٤-چالاکیە نارێکخراوەکان : وەك ( مەلەوانی و خۆنقوم کردنی خۆشی ، مەلەوانی کەنار دەریا )

٥-شوێنی ئەنجامدانی مەلەوانی : وەك ( مەلەوانگە ، زێ ، دەریاچە ، دەریا )

ب- جۆرەکانی وەرزشی ئاوی (Typs of water sport):

## -مەلەوانی (Swimming):

یەکێك لە بوارەکانی وەرزشی ئاویە کە ئاو وەك ناوەندێك بەکاردەهێندرێت بۆ جوولەی قۆڵ و قاچ و کەمەر بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانای جەستەیی و زیهنی و کۆمەلایەتیەکانی تاك .

## ٢-خۆنقوم کردن (Diving):

ئەو چالاکیەیە کە جولەکانی لەدەرەوەی ئاوەوە دەست پێ دەکات بۆ ناو ئاو ، وە جولەکانی هاوشێوەی جولەی جمناستیکە ، لەگەڵ بوونی چەند جیاوازیەك لەشوێنی خۆ هەڵدانەکان کە بەرزیەکان لەنێوان ( ١م ) بۆ ( ٣م ) دەبێت بۆ سەکۆ جولاوەکان و بەرزی ( ٥م ، ٧.٥م ، ١٠م ) بۆ سەکۆ جێگیرەکان ، وەفراوانی مەلەوانگەی خۆ نقوم کردن ( ٢١م × ٢١م ) وە قوڵیەکەی ( ٥م تا ٥.٥م ) دەبێت ، وە ئەنجامدانی جولە جۆراوجۆرەکانی ئەم چالاکیە پێویستی بەکارامەیی زۆرو توانای جەستەیی بەرز هەیە ، ئەنجامدانی جولەکانی بەندە بەبوونی هێزو نەرمی و شەنگی و هاوسەنگی و هەماهەنگی ماسولکە و دەمارەکان هەیە ، سەرەڕای ئەوەش جێبەجێکردنی یاسا لەم چالاکیە پشتبەستە کرداری مەزندەکردنی ناوبژوانەکان بەشێوەیەك کە پێچەوانە نەبێت لەگەڵ یاسا ، یاریزانان لە هەڵبژاردنی جولەکان جیاوازن بەهۆی ئالۆزی جولەو زەحمەتی رێژەی مەترسی ئەنجامدانیان و رێزبەندی و پلەبەندی لەیاسای یاریەکە ، ئاشکرایە بەدەستهێنانی ئەنجامی باش و بەرچاو لەم وەرزشە پێویستی بەمەشق و راهێنان بەردەوام و ئارامگری و پشوو درێژی هەیە ، وەرزشی خۆ نقوم کردن ئارەزووی هەموانە چونکە پەیوەندی هەیە بە مەلەوانیەوە وادەکات مەلەوان بەتایبەتی مندالآن ئازاو چاو نەترس بن .